# تۆمی مۆز فرۆش



Humphreys Odunga
Zablon Alex Nguku
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 2



تۆم سندووقێکی پڕ لە مۆزی پێگەیوی هەڵگرتووە.



تۆم بۆ بازاڕ دەڕوا بۆ ئەوەی مۆزەکان بفرۆشێت.



خەڵك لە بازاڕی میوە دەكڕن.



بەڵام کەس مۆزەکانی تۆم ناکڕێت. ئەوان وایان پێ باشە کە میوە لە ژنەکان بکڕن.



خەڵك دەڵێن: “لەم دەوروبەرە تەنیا ژنەکان میوە دەفرۆشن.”

خەڵك دەیانپرسی: “ئەوە چی جۆرە پیاوێکە؟”



بەڵام تۆم کۆڵی نادا. ئەو هاوار دەکا: “مۆزەکانی من بکڕن! مۆزە شیرینە پێگەیوەکانی من بکڕن!”



ژنێك هێشویەك مۆز لە سندوقەکە هەڵدەگرێ. ئەو بە جوانی تەماشای دەکات.



ژنەکە مۆزەکانی دەکڕێ.




خەڵکی زیاتر بۆ جێگاکەی دێن. ئەوان مۆزەکانی تۆم دەکڕن و دەیانخۆن.



زۆر زوو سندوقەکە بەتاڵ دەبێ. تۆم ئەو پارانەی کە بەدەستی هێنابوون دەژمێرێ.



پاش ئەوە تۆم، سابون و شەکر و نان دەکڕێ. ئەو کەرەستەکان لەناو سندوقەکە دادەنێ.



تۆم سندوقەکەی لەسەر سەری دادەنێ و بەرەو ماڵ بەڕێ دەکەوێ.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## تۆمی مۆز فرۆش

Skriven av: Humphreys Odunga
Illustrerad av: Zablon Alex Nguku
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.